# ئاوازو پراگماتیك لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا
## -لەدیالێكتی كرمانجیی خوارووودا-

د.بەكر عومەر عەلی- د.محەمەد عومەر عەول/ زانكۆی سلێمانی-كۆلێجی زمان

### ١- پێشەكی

ناونیشانی توێژینەوەكە((ئاوازو پراگماتیك لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا))یە، كەڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەگێڕانەوەی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆوە هەیە، گێڕەرەوە لەڕوانگەی تێڕوانینی ئەو ئاوازو دەوروبەر_context_ە پراگماتیكیەی لەكردەی لەیەكترگەیشتندا ئاخاوتنەكەی تێداكراوە، مەبەستی قسەكەر لێكدەداتەوەو دەیگێڕێتەوە، چونكە ئاخاوتنە ڕاستەوخۆكە دەبەستێت بەو دەوروبەرو پەیوەندییانەی ڕستەی تێدا بەكارهاتووەو لەڕوانگەی تێڕوانین‌و تێگەیشتنی خۆیەوە مەبەستی ئەو ڕستانە لێكدەداتەوەو دەیگێڕێتەوە.

كەرەستەی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەو ڕستەو دەربڕاو_utterance _انەن، كەلەسنووری دیالێكتی كرمانجیی خوارووودا ڕۆژانە لەئاخاوتن‌و قسەكردندا بەكاردەهێنرێن.

سنووری لێكۆڵینەوەكە تەرخانكراوە بۆ دیاریكردنی شرۆڤەیەكی ئەو گۆڕینانەی، كەپەیوەندییان بەئاوازو پراگماتیكەوە هەیە لەئاخاوتنی ڕاستەوخۆوە بۆ ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ، هەروەها ئەم گۆڕینانە چۆن كاردەكەنە سەر گۆڕینی واتاو مەبەست لای گێڕەرەوە.

گرنگی لێكۆڵینەوەكە لەوەدایە، كەلەگێڕانەوەی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا گۆڕینی ئاوازو زانینی جۆری دەوروبەر گرنگی‌و تایبەتیی خۆی هەیەو كاردانەوەی هەیە لەسەر چۆنێتی لێكدانەوەی گێڕەرەوە، چونكە هەر گۆڕانێك لەم ڕووەوە، دەبێتە هۆی گۆڕینی مەبەستی ڕستەكە، بەڕادەیەك هۆكارێكە بۆ دروستبوونی بەشێكی ئەو تەمومژی‌و گرفتە كۆمەلأیەتیانەی كەڕۆژانە ڕووبەڕووی خەڵكی دەبێتەوە.

### ٢- ئاخاوتن

قسەكەر ئەو بیرەی مەبەستێتی لەشێوەی شریتێكی دەنگیدا دەیكاتە كۆد(جفرە)Encoding و بەنێوەندێكدا(هەوا) بۆ گوێگری دەنێرێت، گوێگریش ئەو كۆد(جفرە)ـە بەپێی ئەو زانیاریانەی كەهەیەتی شیدەكاتەوەو لێكیدەداتەوە Decoding ، كردنی بیر بەڕەمز لەشێوەی دەنگدا بەپێی فەرمانی مێشك، هەروەك كردنی بیرێكە بەڕەمزو ناردنی ئەو ڕەمزە وەك هەواڵێك بەبەكارهێنانی ئامێری مۆرس، لێرەدا نێرەر بە جفرە هەواڵەكە دەنێرێت‌و وەرگریش وەریدەگرێت‌و دەیكاتەوە بەنوسخەیەكی تری ئەو هەواڵەی لەبنەڕەتدا نێردراوە، بەپێی ئەو زانیارییەی كەدەربارەی مۆرس‌و شیكردنەوەی جفرە هەیەتی.[١]

لەكردەی لەیەكترگەیشتندا قسەكەرو گوێگر بەهۆی ئاخاوتنەوە[٢] هاوبەشی دەكەن‌و ڕۆڵ

دەگۆڕنەوە، واتە قسەکەر دەبێت بەگوێگرو گوێگریش جارێکی تر دەبێتەوە بەقسەکەر، تەنانەت قسەکەر دەبێت بەگوێگر بۆ قسەو دەربڕاوەکانی خۆی.

کاتێك قسەکەر(سەرچاوە) قسەیەك دەکات، گوێگر(وەرگر) دەیەوێت بیگێڕێتەوە، سوود لەدوو شێواز وەردەگرێت[٣]:

١. **ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ_Direct speech_:**

قسەکەر چ شتێکی وتووە، بەتەواوەتی وەك خۆی بگێڕدرێتەوە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك(فەرهەنگی، ڕێزمانی، واتایی) بێتە ئاراوە، بڕوانە (١).

١-ا- ئازاد: من ئەندازیارم.

گ ١-ب- ئازاد وتی: من ئەندازیارم. گ=گێڕەرەوە

٢. **ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ_Indirect speech_:**

وشەو داڕشتەکانی قسەکەر بەتەواوەتی وەك خۆی ناگێڕدرێتەوە، بەڵکو جارێکی تر دادەڕێژرێتەوەو پاشان دەگێڕدرێتەوە، واتە گۆڕانکاری لەقسەکانی قسەکەردا دەکرێت، بڕوانە (٢).

گ ٢- ئازاد وتی: کە ئەندازیارە.

ئەو گۆڕانکاریانەش دەشێت لەچەند ڕوویەکەوە سەیر بکرێت‌و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس دەکرێت‌و تیشکی دەخرێتە سەر هەردوو لایەنی ئاوازو پراگماتیکە لەئاخاوتنی ناڕستەوخۆدا[٤].

## ٣- ١ ئاواز لەئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا

دەنگە ژێیەکان لەبەرهەمهاتنی شریتە دەنگیەکانی قسەکەردا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیەو چۆنێتی لەرینەوەیان پەیوەندیی‌و کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنێتی دەربڕینی ڕستەو دەربڕاوەکانی قسەکەر هەیە.

گۆڕینی لەرینەوەی ئەم دەنگە ژێیانە لای قسەکەر دەبێتەهۆی گۆڕینی ئاوازی ڕستەو هەر جۆرە ئاوازێکیش، واتاو مەبەستێکی جیاواز بەڕستە دەبەخشێت[٥] بەبێ دەستکاریکردنی دروستەی وشەو فرێز لەڕستەکەدا. بۆ نموونە ڕستەی(٣) بەپێی جۆری ئاوازەکەی چەند جۆرێك واتای جیاواز دەبەخشێت، بڕوانە (٤، ٥، ٦).


٣- ئێستا بەفر دەبارێت.        هەواڵگەیاندن



٤- ئێستا بەفر دەبارێت.



٥- ئێستا بەفر دەبارێت.



٦- ئێستا بەفر دەبارێت.

له(٤)دا خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان لەسەر وشەی(ئێستا) زیاترە، بۆیە مەبەستەکە دەگۆڕێت‌و دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی(٧)، بەڵام لە(٥)دا خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان لەسەر وشەی(بەفر) زیاترە، بۆیە مەبەستەکە دەگۆڕێت‌و دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی(٨)، بەهەمان شێوە لە(٦)دا خێرایی لەرینەوەی وشەی(دەبارێت) زیادکراوە، لەبەرئەوە دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی(٩)، واتە لەهەر ڕستەیەکیاندا لەڕێی ئاوازەوە جەخت کراوەتە سەر ڕەگەزێکی ڕستەو بۆ مەبەستێکی جیاواز بەکارهێنراوە.

٧- کەی بەفر دەبارێت؟

٨- ئێستا چی دەبارێت؟

٩- ئێستا بەفر دەبارێت یان نابارێت؟

ئەگەر ئاوازی ڕستەی(٣) لەسەرتاپای ڕستەکەدا بگۆڕین، ئەوا دەشێت لەشێوەی (پرسیارو سەرسوڕمان... هتد) بەکاربهێنرێت، واتە بەگۆڕینی ئاوازەکە(لەنزمەوە بۆ بەرزو... هتد) جۆری ڕستەکەش دەگۆڕێت، چونکە ئاواز گۆڕین لەدروستەی ڕستەدا ڕۆڵی لەگۆڕینی واتادا هەیە، بڕوانە(١٠، ١١).

١٠- ئێستا بەفر دەبارێت؟ پرسیار بەواتای ئایا ئێستا بەفر دەبارێت؟

ئاوازی بەرز

١١- ئێستا بەفر دەبارێت! سەرسوڕمان بەواتای ئەی لەوە ئێستا بەفر دەبارێت!

## ٣- ٢ ئاواز لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا:

قسەکەر لەئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا مەبەستێتی بەهۆی جۆری ئاوازەوە جۆری ڕستە(هەواڵگەیاندن، پرسیار، سەرسوڕمان...) دەربڕێت، بەڵام گێڕەرەوە لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا بێ ئەوەی دەستکاری فۆرمی وشەو جۆری دروستەی ڕستەکە بکات، دەشێت بەجۆرە ئاوازێکی تر ڕستەکە بگێڕێتەوە(واتە جۆری ئاوازەکە لەئاخاوتنی ڕاستەوخۆوە بۆ ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ بگۆڕێت)، کەئەمەش دەبێتەهۆی گۆڕینی مەبەست‌و کرۆکی ئاخاوتنە ڕاستەوخۆکە، بڕوانە(١٢، ١٣، ١٤).

١٢- سیروان: کاروان خانووەکەی فرۆشت؟ ڕاستەوخۆ، پرسیار، مەبەست: ئایا فرۆشتی؟

گ١ ١٣- سیروان وتی: کاروان خانووەکەی فرۆشت. ناڕاستەوخۆ، هەواڵگەیاندن، مەبەست: بەڕاستی فرۆشتی.

گ٢ ١٤- سیروان دەیوت: کاروان خانووەکەی فرۆشت! ناڕاستەوخۆ، سەرسوڕمان، مەبەست: چۆن فرۆشتی!

گێڕەرەوە لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا بەوردی ئاگاداری جۆری ئاوازەکە نەبووەو ئەمەی پشتگوێخستووە، تەنیا پەیوەست بووە بەگێڕانەوەی وشەو دروستەی ڕستەکەوە، بۆیە مەبەست‌و کرۆکی ڕستەکە لەلای گێڕەرەوە بەجۆرێکی تر کەوتۆتەوەو لەمەبەستی ئاخاوتنە ڕاستەوخۆکە دوور کەوتۆتەوە، هەر بۆیە ئەگەر سەرنجی بەشێکی ئەو ڕستانە بدەین، کەلەڕێی ئاوازەوە بۆ

پرسیارکردن بەکاردێت، پاش گێڕانەوەیان دەماودەم مەبەستی ڕستەکە بۆ هەواڵگەیاندن گۆڕدراوە، چونکە ئەگەر ئاوازی ڕستەکە لەبەرزەوە بۆ نزم بێت، ئەوا ڕستەی پرسیار بەبەرهەمدێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لەنزمەوە بۆ بەرز ڕستەی هەواڵگەیاندن بەبەرهەمدێت.

قسەکەر لەئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا هەر بەهۆی ئاوازەوە دەشێت ئەو ڕەگەزەی(بکەر، بەرکار...) زیاتر مەبەستی بێت، لەوانی تر لەدروستەی ڕستەدا جەختی بخاتەسەر، بڕوانە(١٥)، بەڵام لەگێڕانەوەی ناڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە دەشێت ئەو جەختکردنە لەسەر ئەو ڕەگەزە هەڵبگرێت، بڕوانە(١٦) ، یان لەتێڕوانینی خۆیەوە بۆی بگوێزێتەوە بۆسەر ڕەگەزێکی تری ڕستە، بڕوانە( ١٧، ١٨):

١٥-: سیروان: کاروان خانووەکەی فرۆشت؟ ڕاستەوخۆ

گ١ ١٦- سیروان وتی: کاروان خانووەکەی فرۆشت؟ ناڕاستەوخۆ

گ٢ ١٧- سیروان وتی: کاروان خانووەکەی فرۆشت؟ ناڕاستەوخۆ

گ٣ ١٨- سیروان وتی: کاروان خانووەکەی فرۆشت؟ ناڕاستەوخۆ

لە(١٥)دا جەخت لەسەر(کاروان)ە کەبکەری ڕستەکەیەو وەڵامە بۆ پرسیاری(کێ خانووەکەی فرۆشت؟)، بەڵام لە(١٧)دا لەلایەن گێڕەرەوەوە جەختەکە گوێزراوەتەوە بۆسەر(خانوەکە)، کەبەرکاری ڕستەکەیەو بۆتە وەڵام بۆ پرسیاری(کاروان چی فرۆشت؟)، هەروەها لە(١٨)دا جەخت لەسەر(فرۆشت)ە، کەکرداری ڕستەکەیەو بۆتە وەڵام بۆ پرسیاری(کاروان خانووەکەی چی لێ کرد؟).

لەدروستەی ڕستەیەکدا کەچەند کەرەستەیەکی هاوپۆل پێکەوە بەسترابن، دەشێت قسەکەر لەڕێی ئاوازەوە ئەوە ڕوونبکاتەوە، کەکامیانی بەلاوە گرنگترە وەك لەوانی تر، بڕوانە(١٩)، بەڵام دەشێت گێڕەرەوە کەبەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕستەکە بگێڕێتەوە، ڕەچاوی ئەو گرنگی دانە نەکات، بڕوانە(٢٠)، یان لەتێڕوانینی خۆیەوە کامیان بەگرنگتر بزانێت، بەو چەشنە ڕستەکە بگێڕێتەوە، بڕوانە(٢١، ٢٢).

١٩- سیروان: شەممەو یەك شەممەو سێ شەممە زوو دێم. ڕاستەوخۆ

گ١ ٢٠- سیروان وتی: کەگوایە شەممەو یەك شەممەو سێ شەممە زوو دێت. ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٢١- سیروان وتی: کەشەممەو یەك شەممەو سێ شەممە زوو دێت. ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٢٢- سیروان وتی: کەشەممەو یەك شەممەو سێ شەممە زوو دێت. ناڕاستەوخۆ

لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا، دووبارە بەهۆی گۆڕینی جۆری ئاوازەوە، کەپەیوەندیی بەژمارەی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانەوە هەیە، گێڕەرەوە دەشێت جۆری هەڵوێستی قسەکەر لەڕووی(پێخۆشبوون، پێناخۆشبوون، ناڕەزایی، گاڵتەپێکردن،...) لەبەرامبەر ڕستەیەکدا بگۆڕێت، بڕوانە بەراوردی(٢٣) بە(٢٤، ٢٥، ٢٦)ـەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣- سیروان : کاروان خانووەکەی فرۆشت. | هەواڵگەیاندن | پێخۆشبوون | ڕاستەوخۆ |
| گ١ ٢٤- سیروان وتی: کەکاروان خانووەکەی فرۆشت. | هەواڵگەیاندن | پێناخۆشبوون | ناڕاستەوخۆ |
| گ٢ ٢٥- سیروان وتی: کاروان خانووەکەی فرۆشت. | هەواڵگەیاندن | گاڵتەپێکردن | ناڕاستەوخۆ |
| گ٣ ٢٦- سیروان وتی: کاروان خانووەکەی فرۆشت. | هەواڵگەیاندن | ناڕەزایی | ناڕاستەوخۆ |

بکەری ڕستە لەم دیالێکتەدا دەشێت دەرنەبڕدرێت، چونکە کەسێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارە لەدروستەی کردارەکەدا بوونی هەیە، بڕوانە(٢٧).

٢٧-ا- من هاتم.

٢٧-ب- Pro هاتم.

لەبەرئەوەی بۆ کەسی دووەمی کۆو کەسی سێیەمی کۆش مۆرفیمی (ن) بەکاردەهێنرێت، ئەگەر بکەرەکە دەرنەبڕدرێت، تەمومژییەك لای گوێگر دروست دەکات، بڕوانە(٢٨).

٢٨- Pro دێن ——— ئێوە دێن.

ئەوان دێن.

لێکدانی ئەم دوو جۆرە دروستەیە لەڕستەیەکدا، بەهۆی جۆری ئاوازەوە مەبەستی ڕستەکە دەگۆڕێت، بڕوانە(٢٩)، کەدەشێت بەچەند شێوەیەکی جیاوازلەڕووی ئاوازەوە بگێڕدرێتەوە، بڕوانە(٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣).

| | |
|---|---|
| ٢٩- سیروان: دێن، نایەن؟ | ڕاستەوخۆ |
| گ١ ٣٠- سیروان وتی:دێن، نایەن؟ بەواتای ئەوان دێن، ئەی ئێوە بۆ نایەن؟ | ناڕاستەوخۆ |
| گ٢ ٣١- سیروان وتی: دێن، نایەن؟ بەواتای ئێوە دێن، ئەی ئەوان بۆ نایەن؟ | ناڕاستەوخۆ |
| گ٣ ٣٢- سیروان وتی: دێن، نایەن؟ بەواتای ئایا ئێوە دێن، یان نایەن؟ | ناڕاستەوخۆ |
| گ٤ ٣٣- سیروان وتی: دێن، نایەن؟ بەواتای ئایا ئەوان دێن، یان نایەن؟ | ناڕاستەوخۆ |

گرنگی ئاوازی ڕستە بەجۆرێکە، کەبەپێچەوانەی ئەو مەبەستانەی پێشووە، دەشێت لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا وشە فەرهەنگییەکان و جۆری دروستەکە بگۆڕێت، بەڵام لەڕێی ئاوازی ڕستەکەوە مەبەست و کرۆکی ئاخاوتنە ڕاستەوخۆکە تێکنەچێت، بڕوانە(٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧).

| | |
|---|---|
| ٣٤- وەستاکە پرسیاری لەشاگردەکەی کرد: لەم دارە ڕێکوپێکترت نەدۆزیوەتەوە؟ | ڕاستەوخۆ |
| گ١ ٣٥- وەستاکە لەشاگردەکەی پرسی: لەم دارە خوارو خێچ تری لێ نەبوو؟ | ناڕاستەوخۆ |
| گ٢ ٣٦- وەستاکە لەشاگردەکەی پرسی: ئەم دارە زۆر خوارو خێچە، هی باشتری لێ نەبوو؟ | ناڕاستەوخۆ |
| گ٣ ٣٧- وەستاکە لەشاگردەکەی پرسی: دارێکی ڕێکوپێکت بهێنایە! | ناڕاستەوخۆ |

هەندێك دروستەی ڕستە هەن، کەلەڕێی دەستنیشانکردن و زانینی جۆری ئاوازەکەیەوە بەتەواوی دوو واتای دژبەیەکی هەیە[٦]، بڕوانە(٣٨).

٣٨- سیروان: زۆپاکە نەکوژێنیتەوە، نەخۆشدەکەوم. ڕاستەوخۆ

ڕستەی(٣٨) دەشێت دوو واتای جیاوازی بخرێتە پاڵ. لەبەرئەوە ئەگەر بەشێوەی ناڕاستەوخۆش بگێڕدرێتەوە، بەدوو واتای جیاوازو دژبەیەك دەگێڕدرێتەوە، کەبەپێی جۆری ئاوازی گێڕەرەوەکە دەگۆڕێت، لەیەکێکیاندا وەستانێك لەنێوان(نەکوژێنیتەوە)و (نەخۆشدەکەوم) هەیە، واتە ئەگەر بیکوژێنیتەوە نەخۆشدەکەوم. بڕوانە(٣٩، ٤٠، ٤١)، بەڵام لەوی تریاندا ئەو وەستانە بۆ نێوان(زۆپاکە)و (نەکوژێنیتەوە) دەگوێزرێتەوە، واتە ئەگەر نەی کوژێنیتەوە نەخۆشدەکەوم. بڕوانە(٤٢، ٤٣، ٤٤).

گ١ ٣٩- سیروان وتی: زۆپاکە مەکوژێنەرەوە، نەخۆشدەکەوم. ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٤٠- سیروان وتی: نەکەیت زۆپاکە بکوژێنیتەوە، چونکە یەکسەر نەخۆشدەکەوم. ناڕاستەوخۆ

گ٣ ٤١- سیروان وتی: زۆپاکە مەکوژێنەرەوە، لەبەرئەوەی نەخۆشدەکەوم. ناڕاستەوخۆ

گ٤ ٤٢- سیروان وتی: زۆپاکە بکوژێنەرەوە، نەخۆشدەکەوم. ناڕاستەوخۆ

گ٥ ٤٣- سیروان وتی: یەکسەر زۆپاکە بکوژێنەرەوە، چونکە نەخۆشدەکەوم. ناڕاستەوخۆ

گ٦ ٤٤- سیروان وتی: نەخەڵەتابی نەیکوژێنیتەوە، چونکە نەخۆشدەکەوم. ناڕاستەوخۆ

## ٤- ١ پراگماتیك لەئاخاوتندا:

بەرلەوەی باسی پراگماتیك لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا بکەین، بەپێویستی دەزانین چەمکی پراگماتیك لەئاخاوتندا ڕوونبکەینەوەو ئەوە نیشان بدەین، کەچۆن بەپشت بەستن بەدەوروبەرو بەکارهێنەری زمانەکە، زمان بەکاردەهێنرێت و لێکدانەوەی واتایی بۆ دەربڕاوێك دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەپێویستی دەزانین زاراوەی پراگماتیك لەڕوانگەی باری سەرنجی هەندێك زمانەوانەوە بخەینەڕوو:

ڕیچارد[٧] پێناسەی پراگماتیك بەم جۆرە دەکات:

پراگماتیك لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زمانە لەپەیوەندیی قسەکردندا، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان ڕستەو دەوروبەر، کەتیایدا ڕستە لەدەوروبەردا چۆن بەکاردەهێنرێت. هەروەها بواری لێکۆڵینەوەی پراگماتیك دیاری دەکات کە:

١- چۆن لێکدانەوەو بەکارهێنانی دەربڕاوێك پشت بەزانیاری جیهانی ڕاستەقینە دەبەستێت؟

٢- ئایا چۆن قسەکەر کردە قسەییەکان بەکاردەهێنێت و تێیدەگات؟

٣- چۆن دروستەی ڕستە لەپەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگردا کاری تێکراوە؟

هەدسن[٨] وای بۆ دەچێت، کەپراگماتیك بریتییە لەپەیوەندیی نێوان زمان و دەوروبەری بەکارهێنان، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییەدا. پراگماتیك لەتێگەیشتندا گرنگی بەوە دەدات، کەزمان چۆن کاردەکات؟ لەبەرئەوەی فۆرمی زمانەوانەی بەتەنیا سەرکەوتوو نابێت، بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو واتایانەی کەبەئامادەکراوی لەزمانەکەوە دەستمان دەکەوێت.

(پراگماتیك تایبەتە بەبەکارهێنانی زمان لەڕوانگە ئەرکیەکەیەوە، بەو واتایەی پراگماتیك بۆ شرۆڤەکردنی ڕووەکانی پێکهاتە زمانەوانیەکان کۆشش دەکات، ئەویش بەئاماژەکردن بۆ فاکتەرە نازمانیەکان )[٩].

لەلێکۆڵینەوەی زانستی زماندا هەرکاتێك ئاماژە بەدەوروبەر (شوێن‌و کاتی قسەکردن، پلەو پایەی قسەکەرو گوێگر، زانیاری گشتی‌و هاوبەشی قسەکەرو گوێگر) کرا، ئەوا ئەو کاتە بواری پراگماتیك دێتە پێشەوەو هەر لێرەشەوە مەبەستی قسە لەڕێی هۆکارە پراگماتیکەکانەوە دەردەکەوێت، بۆ نموونە ڕستەی(٤٥) بەپێی جۆری دەوروبەرەکەی دەشێت بۆ چەند مەبەست‌و واتایەکی جیاواز بەکاربهێنرێت، بڕوانە لێکدانەوەی یەکەم‌و دووەم.

٤٥- سبەینێ سێ شەممەیە. ڕاستەوخۆ هەواڵگەیاندن

ئەگەر کەسێك پرسیار لەگوێگر بکات‌و بڵێت:(سبەینێ چەند شەممەیە؟) گوێگر لەوەڵامدا دەڵێت: (سبەینێ سێ شەممەیە)، ئەم ڕستەیە لەم کاتەدا هەواڵگەیاندنە‌و ئەو زانیارییەی قسەکەر لەڕێی پرسیارەوە مەبەستێتی، گوێگر پێیدەبەخشێت، واتە ڕستەکە واتایەکی فەرهەنگی هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە لەدەورو بەری جیاوازدا بەکارهات، ئەوا واتایەکی نافەرهەنگی دەگەیەنێت.

لێکدانەوەی یەکەم:

ئەگەر کاوان‌و کەیوان لەدەورو بەرێکدا بوون، کاوان بە کەیوان بڵێت:(سبەینێ دەچم سەرم دەتاشم.) کەیوانیش لەوەڵامدا بڵێت(سبەینێ سێ شەممەیە)، ئەوا ئەم ڕستەیە لێرەدا بۆ مەبەستی هەواڵگەیاندن بەکارنەهاتووە، بەڵکو بۆ مەبەستێك بەکارهاتووە، کەبەپێی ئەو زانیاریانەی هەردووکیان هەیانە، کەڕۆژی سێ شەممە سەرتاشخانە نییە، واتە بەواتای (سبەینێ مەچۆ بۆ سەرتاشین، چونکە سەرتاشخانە نییە) بەکارهاتووە.

لێکدانەوەی دووەم:

کامەران‌و ڕێبوار دوو هاوڕێن، کامەران چەند جارێك بەڵێنی بەڕێبوار داوە شتێکی بۆ بهێنێت، دواجار بەڵێنی داوەتێ ڕۆژی سێ شەممە شتەکەی بۆ بهێنێت، بەڵام ئەم جارەش وەك جارانی پێشوو هەر بیری چووە، بۆیە ڕۆژێك دوای ئەوە، کە ڕێبوار دەبینێت، پێیدەڵێت:(تۆ پێم بڵێ سبەینێ چەند شەممەیە؟ تا بۆتی بهێنم.) ئەویش بەتەوسەوە پێیدەڵێت:(سبەینێ سێ شەممەیە). دیارە بەئاگاداربوون لەدەوروبەری ڕستەکە لێرەدا هیچ کام لەواتاکانی پێشووتر ناگەیەنن، ڕێبوار زۆر بەچاکی دەزانێت، کەسبەینێ سێ شەممە نییە، بەڵکو دوێنێ سێ شەممە بووەو ئاگاداریشە لەوەی، کەگوێگر ئەم ڕاستییە چاك دەزانێت، بەڵام بۆ مەبەستی توانج تێگرتن‌و بێبەڵێنی کامەران بەتەوسەوە ڕستەکە بەو جۆرە بەکاردەهێنێت.

## ٤- ٢ پراگماتیك لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا:

پراگماتیك وەك هۆکارێکی گرنگ‌و سەرەکی لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە کاتێك گێڕەرەوە ئاخاوتنی ڕووبەڕوو بەشێوازی ناڕاستەوخۆ دەگێڕێتەوە، گۆڕانکاری لەقسە ڕاستەوخۆکەدا دەکات، بەشێکی ئەم گۆڕانکاریانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەپراگماتیك‌و کاریگەری بارو دۆخی قسەکردنەکەوە هەیە.

گێڕەرەوە لەکردەی لەیەکتر گەیشتندا مەبەستی ئەو ڕستەیەی لەلایەن قسەکەرێکەوە وتراوە،

دەگێڕێتەوە، چونكە لەئاستی پراگماتیكدا گرنگی بەوە دەدرێت، كەڕستە بۆ چ مەبەستو واتایەك بەكارهاتووە، نەك واتای فەرهەنگیو سینتاكسی ڕستە، ئەم مەبەستەش لەو دەوروبەرەوە چنگ دەكەوێت، كەقسەكەی تێداكراوە، بۆ نموونە ڕستەی(٤٥) لەلێكدانەوەی یەكەمدا دەشێت بەچەند شێوازێك بگێڕدرێتەوە، بڕوانە(٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩)، بەهەمان شێوە لەلێكدانەوی دووەمیشدا ڕستەكە دەشێت بەچەند شێوازێكی تر بگێڕدرێتەوە، بڕوانە(٥٠، ٥١، ٥٢).

| | | |
|---|---|---|
| گ۱ ٤٦– كەیوان وتی: سبەینێ سێ شەممەیە، بەداخەوە ناتوانیت سەرت بتاشیت. | ناڕاستەوخۆ | پێناخۆشبوون |
| گ۲ ٤٧– كەیوان وتی: سبەینێ سێ شەممەیە، ئۆخەی سەرتاشخانە نییە. | ناڕستەوخۆ | پێخۆشبوون. |
| گ۳ ٤٨– كەیوان بەكاوانی وت: سبەینێ مەچۆ، چونكە سێ شەممەیە. | ناڕاستەوخۆ | ئاگادارکردنەوە |
| گ٤ ٤٩– كەیوان وتی: سبەینێ سێ شەممەیە، چۆن دەچیت، سەرتاشخانە نییە! | ناڕاستەخۆ | سەرسوڕمان |
| گ۱ ٥٠– ڕێبوار وتی: سبەینێ سێ شەممەیە، چاكت هێنا! | ناڕاستەوخۆ | توانج تێگرتن |
| گ۲ ٥١– ڕێبوار وتی: دوێنێ سێ شەممە بوو. | ناڕاستەوخۆ | بیرخستنەوە |
| گ۳ ٥٢– ڕێبوار وتی: سبەینێ سێ شەممەیە، دەزانم ئەم جارەش هەر بیرت دەچێت. | ناڕاستەوخۆ | بیرخستنەوەی بێبەڵێنی |

قسەكەر لەهەندێك باردا مەبەستێكی شاراوەی هەیە، لەبەر هەر هۆیەك بێت ڕاستەخۆ نایدركێنێت، لەبەرئەوە لەڕوانگەی پراگماتیكەوە مەبەستی ڕستەكەی بەجۆرە ڕستەیەكی تر دەدركێنێت، بەڵام پەیوەندیی بەمەبەستە شاراوەكەوە هەیە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا، كەهەركاتێك بیەوێت لێی پەشیمانببێتەوە. گێڕەرەوە لێرەدا ئەوەندەی مەبەستێتی بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ مەبەستە شاراوەكە بخاتەڕوو، ئەوەندە مەبەستی نییە، كەئاخاوتن(قسە) ڕووبەڕووەكە وەك خۆی ڕاستەخۆ بگێڕێتەوە، بڕوانە(٥٣).

٥٣– نەوزاد: تۆ بڵێی ناوی پاڵێوراوان دەرچووبێت؟ ڕاستەوخۆ

ئەم ڕستەیە لەدەوروبەرێكدا بەكارهاتووە، كە(نەوزاد) پاڵێوراوێكە چاوەڕوان دەكات بپاڵێورێت، (تۆ) ئەندامی لیژنەی پاڵاوتنەو بەئاگایە لەئەنجامی پاڵاوتنەكە، كاتی قسەكردنەكەش لەكاتێكدایە، كەئاشكراكردنی ئەنجامی پاڵاوتنەكە نزیك بۆتەوە.

كاتێك گێڕەرەوەیەك ڕستەی(٥٣)بگێڕێتەوە، ئەگەر بێئاگابێت لەدەوروبەرەكە، ئەوا وەك خۆی دەیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بەئاگابێت لەدەوروبەرەكە، ئەوا دەشێت بەشێوازی تر بیگێڕێتەوە، بڕوانە(٥٤، ٥٥، ٥٦).

| | |
|---|---|
| گ۱ ٥٤– نەوزاد بەئەوی وت: تۆ بڵێی كێ پاڵێورابێت؟ | ناڕاستەوخۆ |
| گ۲ ٥٥– نەوزاد بەئەندامی لیژنەی پاڵاوتنەكەی وت: تۆ بڵێیت من پاڵێورابم. | ناڕاستەوخۆ |
| گ۳ ٥٦– نەوزاد دەیوت: ئایا ناوی پاڵێوراوان كێن؟ | ناڕاستەوخۆ |

ئەگەر گێڕەرەوە لەشێوازی ئاخاوتنی ناڕستەوخۆدا لەدەوروبەر بێئاگابێنت ، ئەوا بەهۆی نەزانینی جۆری دەوروبەرەكەوە كەقسەیەك دەگێڕێتەوە، تووشی هەڵە تێگەیشتنو گۆڕان دەبێتەوە، بۆ نموونە كاتێك كەسێك بەسەر وتووێژێكدا دەچێتو بێئاگایە لەدەوروبەرو هەڵوێستی قسەكەرو گوێگو ...هتد، ئەوا بێگوێدانە مەبەستی قسەكە، ڕستەكە وەك خۆی دەگێڕێتەوە، بڕوانە(٥٧، ٥٨).

٥٧– باوك: بەخێربێیتەوە. ڕاستەوخۆ

گ١ ٥٨- باوکەکە وتی: بەخێربێیتەوە.      ناڕاستەخۆ

ئەم ڕستەیە لەهەردوو شێوازەکە(ئاخاوتنی ڕووبەڕوو، ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ)دا واتایەکی باش(ئیجاب)ی هەیە، بەڵام ئەگەر گێڕەرەوە لەدەوروبەری ئەو ڕستەیە بەئاگابوو بێت، ئەوا ڕەنگە مەبەستو شێوازی گێڕانەوەکەی بگۆڕێت، بۆ نموونە ڕستەی(٥٧) لەکاتێکدا کراوە، کەباوکەکە، کوڕەکەی دەگەڕێتەوە ماڵەوەو ئەنجامی تاقیکرنەوەی لەخوێندنگە وەرگرتووەو شەش سفری تێدایە، باوکیشی کەسەیری نمرەی تاقیکردنەوەکانی دەکات، پێیدەڵێت(بەخێربێیتەوە).

گێڕەرەوە لەم کاتەدا دەشێت لەتێگەیشتنی خۆیەوە ڕستەکە بگێڕێتەوە، بۆ نموونە داڕشتەی پێکهاتەی ڕستەکە وەك خۆی بهێڵێتەوە، بەڵام لەڕێی ئاوازەوە ئەوە لەگوێگر بگەیەنێت کەواتایەکی باشی نییە، بڕوانە(٥٩)، یان بێ سێ‌ودوو دروستەی ڕستەکە بەنەرێکراوی بگێڕێتەوە، بڕوانە(٦٠).

گ١ ٥٩- باوکەکە بەکوڕەکەی وت: بەخێربێیتەوە.   ناڕاستەوخۆ   لەڕێی ئاوازەوە خراپ بگەیەنێت.

گ٢ ٦٠- باوکەکە بەکوڕەکەی وت: بەخێرنەیەیتەوە.  ناڕاستەوخۆ

## ٤- ٣ ئامڕازە پراگماتیکیەکان لە ئاخاوتنی ناراستەوخۆدا:

مەبەست لەئامڕازە پراگماتیکییەکان ئەو وشانەن، کەئاماژە بۆ(کەس، شوێن، یان کات)ێکی تایبەتی دەکەن، وەك (جێناوی تۆ، ئێوە ...، ئامرازی نیشانەی ئەم، ئەو...، ئاوەڵکرداری کات، شوێن...).

ئەرکی ئەم ئامڕازانە ئەوەیە، کەزمانو دەرەوەی زمان(دەوروبەر) لەگەڵ یەکدا گرێدەدات، ئەم پەیڕەوە لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکو پاپەندە بەو ڕاستییەی کەزمان بۆ لەیەکتر گەیشتنە[١٠].

ئەم وشە ئاماژەییانە کە لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێت، گوێگر لەڕێگەی دەوروبەرەوە لەمەبەستیان تێدەگات، چونکە واتایان لەئەنجامی پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە دەردەکەوێت، بەڵام کاتێك گێڕەرەوە لەشێوازێکی ناراستەوخۆدا قسەکە بۆ کەسانی تر دەگێڕێتەوە، کە لەدەوروبەرەکە بێئاگان، دەبێت ئەو وشە ئاماژەییانە بەپێی توانست بگۆڕێت، چونکە ئەگەر وەك خۆی بیگێڕێتەوە، ڕووبەرووی ڕێژەیەکی کەمتر دەبێتەوە لەگەیاندنی زانیاریدا، لەمەشەوە لەیەکترنەگەیشتن دێتە کایەوە، چونکە ئاخاوتنێکی ڕووبەروو لەئارادا نییە و واتای هەریەکەیان بە پێی مەبەستی قسەکەرو جۆری دەوروبەرەکە دەگۆڕێت. لەبەرئەوەی گێڕەرەوە پابەندە بەگێڕانەوەی واتاو مەبەستی قسەی قسەکەرەوە، بەپشت بەستن بەدەوروبەری قسەکردنو لەڕوانگەی تێڕوانینو تێگەیشتنی خۆیەوە ئەو ئامڕازە پراگماتیکیانە بۆ وشەی فەرهەنگی، یان ئامڕازی پراگماتیکی تر دەگۆڕێت، بەجۆرێك کەلەگەڵ مەبەستی ئاخاوتنە ڕاستەوخۆکەدا بگونجێت، بڕوانە گێڕانەوەی ڕستەکانی(٦١، ٦٥).

٦١- سیروان: ئەم چاکەتەم لێرە کڕی.      ڕاستەوخۆ

گ١ ٦٢- سیروان وتی: کە ئەو چاکەتەی لەوێ کڕیوە.            ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٦٣- سیروان وتی: کە ئەو چاکەتەی لە هەولێر کڕیوە.         ناڕاستەوخۆ

گ٣ ٦٤- سیروان وتی: کە چاکەتە ڕەشەکەی لە هەولێر کڕیوە.     ناڕاستەوخۆ.

شوێنی گێڕانەوەی ڕستەکە لەگەڵ شوێنی ئاخاوتنە بنەڕتییەکە گۆڕدراوە، بۆیە لەکاتێکدا گێڕەرەوە، ڕستەکە بۆ کەسێك کەزانیاری لەم بارەیەوە نییە، دەگێڕێتەوە، پێویستە پەنابباتە بەر گۆڕینی وشە ئاماژەییەکە بۆ وشەی فەرهەنگی

(ئەم چاکەتە ←—— ئەو چاکەتە ←——چاکەتە ڕەشەکە، لێرە ←—— لەوێ ←——لەهەولێر)،

(واتە ئێرە دەبێت بە ئەوێ، ئەم شوێنە دەبێت بە ئەو شوێنە، ئەمڕۆ دەبێت بە دوێنێ...)[11].

٦٥- مامۆستا: تۆ دوێنێ لەکوێ بوویت؟          ڕاستەوخۆ

گ١ ٦٦- مامۆستا وتی: سیروان دوێنێ لەکوێ بوویت؟          ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٦٧- ماۆستا وتی: سیروان شەممە لە کوێ بوویت؟          ناڕاستەوخۆ

گ٣ ٦٨- مامۆستا وتی: سیروان پێرێ لەکوێ بوویت؟          ناڕاستەوخۆ

گ٤ ٦٩- مامۆستا وتی: سیروان بەسرپێرێ لەچ شوێنێك بوویت؟          ناڕاستەوخۆ

جێناوی(تۆ) بەپێی دەوروبەرەکە لەبری(سیروان) بەکارهاتووە، وشەی(دوێنێ)ش وەك نیشانەیەکی پراگماتیکی ڕۆژێك بەر لەکاتی ئاخاوتن دەگەیەنێت، بۆیە کەگێڕەرەوەیەك ڕستەی(٦٥) دەگێڕێتەوە، دەبێت بەئاگابێت لەکاتی ئاخاوتن، بۆ نموونە ئەگەر کاتی ئاخاوتنی ڕستەکە یەکشەممە بووبێت، ئەوا مەبەست لەدوێنێ(شەممەیە) بڕوانە(٦٧)، بەڵام ئەگەر کاتی ئاخاوتنەکە دووشەممە بووبێت، ئەوا مەبەست لەدوێنێ(یەکشەممە)یە....هتد، ئەگەر کاتی گێڕانەوەکە ڕۆژێك بەسەر کاتی ئاخاوتنەکەدا تێپەڕی بێت، ئەوا دوێنێ دەگۆڕێت بۆ(پێرێ)، بڕوانە(٦٨)، خۆ ئەگەر دووڕۆژ بەسەر کاتی ئاخاوتنەکەدا تێپەڕی بێت، ئەوا(دوێنێ) بۆ(بەسرپێرێ)دەگۆڕێت، بڕوانە(٦٩)، تاکو لەگەڵ کاتی فیزیایدا بگونجێت، چونکە ئەم گۆڕانکارییە پەیوەندیی بەکاتی ئاخاوتن‌و کاتی فیزیاییەوە هەیەو گێڕەرەوە هەوڵدەدات چەمکی کات بەجۆرێك بگونجێنێت، کەلەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت.

## ٤- ٤ کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا:

نیشانە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بەندن بە:

١- پەیوەندی کۆمەڵایەتی(نزیك، یان دوور)ی ئەوکەسانەی لە قسەکردندا بەشدارن.

٢- چەشن و جۆری بابەتی باسکراو لە نێوان قسەکەر و گوێگردا[12].

کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەگێڕانەوەی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بۆ نموونە چەند گێڕەرەوەیەکی جیاواز لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتەهۆی بەرهەمهاتنی چەند شێوازێکی جیاوازی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ، بڕوانە(٧٠).

٧٠- سەرۆك: فەرمانی لابردنی سیروانی ئەندازیارم ئیمزاکرد.                ڕاستەوخۆ

ئەم ڕستەیە لەدەوروبەرێکدا وتراوە، کەسەرۆکی دەزگایەك لەژوورەکەی خۆیدا بەئامادە بوونی چەند کەسێك ئەو ڕستەیەی درکاندووە، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ئەگەر هەرکەسێك لەو گوێگرانە ڕستەی(٧٠) بۆ سیروانی ئەندازیار بگێڕێتەوە، ئەوا لەڕووی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی بە(سیروانی ئەندازیار)ـەوە هەیەتی، ڕستەکە بەشێوازێك دەگێڕێتەوە, بڕوانە(٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤).

گ١ ٧١- سەرۆك ڕایگەیاند: کە فەرمانی لابردنی تۆی دەرکردووە.            ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٧٢- سەرۆك دەیوت: دەنگێك هەیە، لەوانەیە لابرابیت، تۆ بڵێی ڕاست بێت.     ناڕاستەوخۆ

گ٣ ٧٣- سەرۆك ڕایگەیاند: ئەوە ئەمری دەرکردنی تۆیە!            ناڕاستەوخۆ

گ٤ ٧٤- سەرۆك وتی: لەسەر کار لابرایت، ئەگەر چی زۆرم پێناخۆشە!            ناڕاستەوخۆ

جیاوازی گێڕەرەوەکان بۆ جیاوازی کەسەکان لەڕووی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی(٧١)و (٧٢) بکەین، ئەوا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت لەبەرئەوەی(گ١) هاوشانە لەگەڵ(سیروانی ئەندازیار)دا زۆر بەڕاشکاوی قسەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، بەڵام (گ٢) ئەگەرچی بە گوێی خۆشی گوێی لەهەواڵەکە بووە، ناتوانێت بەوڕاشکاوییە هەواڵەکە بگەیەنێت، بۆیە لەشێوەی گومانو دوودڵیدا هەواڵەکە ئاڕاستەی(سیروانی ئەندازیار) دەکاتو وەك بڵێی هەڵەش بێت، یان ئەگەر بەراوردی(٧٣)و (٧٤) بکەین، ئەوە(گ٣) لەگێڕانەوەکەیدا پێی خۆشە، لەکاتێکدا(گ٤) پێی ناخۆشە.

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بەهەڵبژاردنو هاتنە ناوەوەو لابردنی ئەو وشەو دەربڕاوانەی لەشێوازی گێڕانەوەدا بەکاردەهێنرێت، کەلەهەر گێڕانەوەیەکیدا گێڕەرەوە لەڕوانگەی پراگماتیکی خۆیەوە ڕستەکە دەگێڕێتەوە، بڕوانە گێڕانەوەی(٧٥، ٧٧).

٧٥- باوك: ژنەکە ئەمشەو کارزانی برام دێت بۆ ماڵمان.            ڕاستەوخۆ

کاتێك کە منداڵێك بەدایکی بڵێ: ئەوە باوکم وتی چی؟ دایکەکە بە شێوەی(٧٦) ڕستەکە دەگێڕێتەوە.

٧٦- ڕۆڵە باوکت وتی: کەئەم شەو مامە کارزانت دێت بۆ ئێرە.            ناڕاستەوخۆ

٧٧- بەڕێوەبەر: ئەو نوسراوەم بۆ چاپ بکەن.            ڕاستەوخۆ

گ١ ٧٨- بەڕێوەبەر وتی: بە ئەرك نەبێت ئەو نوسراوەی بۆ چاپ بکەن.            ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٧٩- بەڕێوەبەر وتی: ئەگەر بە ئەرکی نازانن دەتوانن ئەو نوسراوەی بۆ چاپ بکەن.     ناڕاستەوخۆ

گ٣ ٨٠- بەڕێوەبەر وتی: بە یارمەتیتان ئەو نوسراوەمان بۆ چاپ بکەن.            ناڕاستەوخۆ

گ٤ ٨١- بەڕێوەبەر وتی: تکایە ئەو نوسراوەمان بۆ چاپ ناکەن؟            ناڕاستەوخۆ

ئەگەر سەرنجی هەریەك لەو گێڕەرەوانە بدەین، ئەوا هەریەکەیان لەڕوانگەی پراگماتیکی خۆیەوە، لەژێر کاریگەری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی بەگوێگرەوە هەیەتی، شتێکی بۆ ڕستە بنجییەکە

زیادکردووە.

## ٤- ٥ کاریگەرە دەروونییەکان لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا:

گێڕەرەوە لەکێڕانەوەی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا دەشێت ئەو بارە ئارامە، یان فشارە دەروونییەی...هتد، کەخۆی تیایەتی، لەشێوازی گێڕانەوەکەیدا ڕەنگ بداتەوە، ئەویش لەڕێی جۆری ئاواز، یان تێهاویشتنی ئەو وشەو دەستەواژانەی، کەڕەنگدانەوەی بارە دەروونییەکەی گێڕەرەوەن, بڕوانە(٨٢).

٨٢- شنە: نەشمیل شووی بە ئارام کرد. ڕاستەوخۆ

ئەگەر چەند گێڕەرەوەیەك ئەم ڕستەیە بگێڕنەوە، دەشێت هەریەکەیان لەڕوانگەی تێڕوانین و کاریگەری پراگماتیکی خۆی، لەڕووی دەروونییەوە بەجۆرە شێوازێك ڕستەکە بگێڕنەوە، کەلەڕێی دەربڕاوێکەوە مەبەستەکانی (پێخۆشبوون، پێناخۆشبوون، ناڕەزای، بەغیلیبردن،...هتد)ی لەگەڵدا ئاوێتە بکەن، بڕوانە(٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦).

گ١ ٨٣- شنە وتی: نەشمیل شووی بە ئارام کردووە، پیرۆزی بێت. ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٨٤- شنە وتی: نەشمیل شووی بە ئارام کردووە، لێی نەحەسێتەوە. ناڕاستەوخۆ

گ٣ ٨٥- شنە وتی: ئارام ئاخیری نەشمیلی هێنا، بەمیراتی کەوێت. ناڕاستەوخۆ

گ٤ ٨٦- شنە وتی: نەشمیل شووی بە ئارام کردووە، بەڵام بەخوا قابیلی نییە. ناڕاستەوخۆ

## ٤- ٦ جێگۆڕکێی پێکهاتەکانی ڕستە لەژێر کاریگەری پراگماتیکدا:

لەکاتی گۆڕینی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ بۆ ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ، گێڕەرەوە لەڕوانگەی تێڕوانینی خۆی‌و لەژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرە پراگماتیکیەی مەبەستێتی، لەسنوری ئەو گۆڕانکاریانەی ڕستەسازی زمانەکە ڕێگەی پێدەدات، پێکهاتەکانی ڕستە بەجۆرێکی تر دادەڕێژێتەوەو تیایدا ئەوەی بەلایەوە گرنگ‌و مەبەستە دەیخاتە پێش‌و ئەوەشی گرنگ نییە دوای دەخات، بڕوانە(٨٧).

٨٧- سیروان: پیاوێك منداڵەکەی فڕاندووە. ڕاستەوخۆ

گ١ ٨٨- سیروان وتی: منداڵەکە پیاوێك فڕاندوێتی. ناڕاستەوخۆ

گ٢ ٨٩- سیروان وتی: منداڵەکە فڕێنراوە لەلایەن پیاوێکەوە. ناڕاستەوخۆ

لەڕستەی(٨٧)دا کەئاخاوتنێکی ڕاستەوخۆیە، ڕستەیەکی دروستە تێپەڕە، کەتیایدا(پیاوێك) بکەرەو (منداڵەکە) بەرکارە، لەدروستەی ڕستەکەدا بکەر پێش بەرکار کەوتووە، بەڵام لەڕستەی(٨٨، ٨٩)دا کەئاخاوتنێکی ناڕاستەوخۆیەو لەلایەن گێڕەرەوە گێڕدراوەتەوە، بەلای گێڕەرەوە(منداڵەکە) کەئەرکی بەرکاری بینیووە، گرنگترە لە(پیاوێك) کەئەرکی بکەری بینیووە، هەربۆیە لەگێڕانەوەکەدا دەیکاتە باسی ڕستەکەو پاشماوەی ڕستەکە بەجۆرێك دادەڕێژێتەوە، کەلەگەڵ مەبەستەکەدا بگونجێت.

بەهەمان شێوەو لێکدانەوە بڕوانە گێڕانەوەی ئەم ڕستانەی خوارەوە:

٩٠- سیروان: دەرگای زانکۆ شکێنراوە. ڕاستەوخۆ

گ١ ٩١- سیروان وتی: زانکۆ دەرگاکەی شکێنراوە. ناڕاستەوخۆ

٩٢- سیروان: هەمیشە خەوی ناخۆش دەبینم. ڕاستەوخۆ

گ، ٩٣- سیروان وتی: کەخەوی خۆش نابینێت.    ناڕاستەوخۆ

٩٤- سیروان: بانگی نەوزاد ناکات.    ڕاستەوخۆ

گ، ٩٥- سیروان وتی: نەوزاد بانگ ناکات.    ناڕاستەوخۆ

٩٦- سیروان: ئەو خوێندکارەی دەرنەچووە، زۆر زیرەکە!    ڕاستەوخۆ

گ، ٩٧- سیروان وتی: کەئەو خوێندکارە زۆر زیرەکە دەرنەچووە!  ناڕاستەوخۆ

٩٨- سیروان: بەیانی بۆ زانکۆ ناچم.    ڕاستەوخۆ

گ، ٩٩- سیروان وتی: بەیانی ناچم بۆ زانکۆ.    ناڕاستەوخۆ

١٠٠- سیروان: خواردنەکە سەعاتێکی تر ئامادە دەبێت.    ڕاستەوخۆ

گ، ١٠١- سیروان دەیوت: کەسەعاتێکی تر خواردنەکە ئامادە دەبێت.    ناڕاستەوخۆ

١٠٢- سیروان: ئوتومبێلەکە لەئەزمەڕەوە کەوتە خوارێ.    ڕاستەوخۆ

گ١ ١٠٣- سیروان وتی: لەئەزمەڕەوە ئوتومبێلەکە کەوتە خوارێ.  ناڕاستەوخۆ

لەگێڕانەوەکاندا ئەو زانیارییەی بەلای گێڕەرەوە گرنگە، لەسەرەتادا دای دەنێت‌و زانیارییەکانی تری ڕستە بەچەشنێك دادەڕێژێتەوە، کەلەخزمەتی ئەودابن، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنی ڕاستەوخۆو ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا، چونکە ئەوەی خاڵی دەستپێکردنە لای قسەکەر، لای گێڕەرەوە ئەو گرنگی و پایەیەی نادرێتیٚ، بەڵکو ئەوەی لەتێڕوانینی خۆیەوە گرنگە، دەیکاتە خاڵی دەستپێکردن وەك باسێك پاشماوەی ڕستەکەی پیاهەڵدەواسێت، بیٚ ئەوەی کرۆکی ڕستەکە تێکبچێت(١٢).

## ٥- ئەنجامەکان:

١) ئەوگۆڕانکارییانەی لەئاخاوتنی ڕاستەوخۆ بۆ ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ دەکرێت، بەشێکیان پەیوەندیی بەئاوازو پراگماتیکەوە هەیە، کەکاردانەوەیان لەسەر چۆنێتی لێکدانەوەی گێڕەرەوە هەیەو وەك دوو هۆکاری گرنگ لەبەرهەمهاتنی چەند شێوازێکی جیاوازیی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا ڕۆڵ دەبینن.

٢) بەگۆڕینی ئاوازو پراگماتیکی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ، مەبەستی قسەکردن‌و هەڵوێستی قسەکەر لەڕووی(پێخۆشبوون، پێناخۆشبوون، نارەزایی...) لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا دەگۆڕێت.

٣) گێڕەرەوە لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا ئەوەندەی مەبەستێتی، مەبەستی ئاخاوتنە ڕاستەوخۆکە بگێڕێتەوە، ئەوەندە مەبەستی نییە، کەئاخاوتنە ڕووبەڕووەکە وەك بخۆی بگێڕێتەوە، لێرەشەوە ئەو دەرگایەی بۆ دەکرێتەوە، کەلەڕوانگەی پراگماتیکەوە مەبەستی ڕستەکە بەجۆرە شێوازێکی تر بگێڕێتەوە، خۆ ئەگەر بەهۆی نەزانینی جۆری دەوروبەرەوە، لەمەبەستەکە بێئاگابێت، ئەوا لەگێڕانەوەکەیدا تووشی هەڵە تێگەیشتن‌و گۆڕان دەبێتەوە.

٤) لەشێوازی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌و جۆری بابەت‌و باری دەروونی گێڕەرەوە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە، بەجۆرێك جیاوازیی هەریەکێك لەو هۆکارانە دەبێتەهۆی هێنانە

کایەی چەند شێوازێکی جیاوازیی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ بۆ دەربڕاوێك.

٥) گێڕەرەوە لەژێر کاریگەری پراگماتیکداو لەڕوانگەی ئەو گۆڕانکارییانەی کەڕستەسازی زمانەکە ڕێگەی پێدەدات، شوێنی پێکهاتەکانی ڕستە لەڕووی گرنگی پێدان‌و تێڕوانینی خۆیەوە لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا جێگۆڕکێ پێدەکات.

## پەراوێزەکان:

١) غازی فاتح وەیس، ١٩٨٤، ١٢.

٢) ئاخاوتن لەڕوانگەی قسەکەرو گوێگرەوە بۆ چەند مەبەست‌و ئەرکێکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت، وەك (هەواڵگەیاندن، پرسیار، فەرمان،...هتد) بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە (محمد مەعروف فتاح،١٩٩٠، ٣١).

٣) Richards 1992: 109-110

٤) بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی پەیوەندییان بەدروستەی کردار لەڕووی (کات و تاف و... هتد)ـەوە هەیە، بڕوانە (د.بەکر عومەر عەلی و د.هۆگر مەحمود فەرەج،٢٠٠٢، ٣١) و (هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، ٢٠٠٨، ٦١).

٥) وریا عومەر ئەمین، ١٩٩٤، ١٥.

٦) سەرچاوەی پێشوو، ١٦.

٧) Richards 1992:284-285

٨) Hudson 2000:312

٩) د.عبدالقادر جلیل و د.ئەحمەد شەفیق، وەرگێڕانی نەریمان خۆشناو و کامەران محمد ٢٠٠٨، ٧٩–٨٠.

١٠) محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٩، موحازەراتی خوێندنی باڵا.

١١) هێرۆ ئەحمەد حمەغریب، ٢٠٠٨، ٤٤.

١٢) ئاڤێستا کەمال مەحمود ٢٠٠٦، ٣٤.

١٣) بۆ زانیاری لەبارەی دروستەی ئەم جۆرە ڕستانەوە بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٢،٣٢–٤٥ و کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨، ٢٢٠ .

## سەرچاوەکان:


١) ئاڤێستا کەمال مەحمود، ٢٠٠٦، پراگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لەدیالێکتی کرمانجی خوارووودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢) د.بەکر عومەر عەلی و د.هۆگر مەحمود فەرەج, ٢٠٠٢، بەدواداهاتنی کات لە کەڵەڕستەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٩) بەشی B.

٣) د.عبدالقادر جلیل و د.ئەحمەد شەفیق، ٢٠٠٨، قوتابخانە زمانەوانییەکان، وەرگێڕانی نەریمان

خۆشناو و کامەران محەمەد، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.
٤) غازی فاتح وەیس، ١٩٨٤، فۆنەتیك، لەچاپکراوەکانی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.
٥) کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨، ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
٦) محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٠، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٧) محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٢، باس لەجۆرێك لەڕستەی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٨).
٨) د. محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٩، موحازەراتی دکتۆرای زمان–بەشی کوردی–کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٩) هێرۆ ئەحمد حەمەغەریب، ٢٠٠٨، شێوەکانی گێڕانەوە لەڕستەی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٠) وریا عومەر ئەمین، ١٩٩٤، هێز وئاواز، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٤).

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

11) Hudson, G. (2000). Essential Introductory Linguistics، Oxford; Blackwell.
12) Richards, J. Platt, J. and Platt, H (1992) Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, England, Longman Group UK.

# Abstract

## Intonation and Pragmatics in indirect speech

This study has a direct relationship with the reporting of direct speech, in which the reporter states the speaker's purpose according to his opinion about speech intonation and pragmatics, because the speech links the context and the environment in which it is uttered. In reporting indirect speech, changing the intonation and knowledge about the environment have their own importance and specialty and these have influence on the way in which the utterance is reported. Since these change the purpose of the utterance in such a way that they become one of the reasons emerging some of the social problems which face people every day.

# الخلاصة

## النغمة والتداولية في الكلام الغير المباشر

هذه الدراسة لها علاقة مباشرة بسرد الكلام المباشر، حيث إن السارد يُعيد سرد غرض المتكلم حسب رأيه الشخصي في التنغيم و التداولية لأن الكلام يربط السياق (المضمون) بالبيئة التي نُطقت فيها الكلام .

في حين أن سرد الكلام الغير مباشر، تغير النغمة ومعرفة البيئة لها أهميتها وخصوصيتها ولها تأثير في الوسيلة التي سردت فيها الكلام .

حيث إن هذه النقاط يُغير الهدف من الكلام بالشكل التي تصبح أحد الأسباب التي تخلق مشاكل إجتماعية التي تواجه الناس في تعاملهم يومياً.